**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە :(٥٦٣٠) لە ٢٠٢٠/٦/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بەندی (١٣) ماددەی (٩٣)ی سیستەمی خوێندن و فێركردنی پیشەیی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ ، بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠

## ڕێنمایی تایبەت بە پەیمانگەی فێركاری و پیشەیی ناحكومی لە هەرێمی كوردستان

**ماددەی (١): ناساندنی زاراوەكان:-**

**وەزارەت**:- وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**وەزیر**:- وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێوەبەری گشتی**:- بەڕێوەبەری گشتی فێركردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**بەڕێوەبەرایەتی**:- بەڕێوەبەرایەتی فێركردنی پیشەیی لە وەزارەتی پەروەردە.

**پەیمانگە**:- پەیمانگەی فێركاری و پیشەیی ناحكومی.

**لیژنەی باڵا**:- لیژنەی باڵای پەیمانگەی فێركاری و پیشەیی ناحكومی لە وەزارەتی پەروەردە.

**لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاكان**:- لیژنەی فەرعی پەیمانگەی فێركاری و پیشەیی ناحكومی لە پارێزگاكان.

**ماددەی (٢): دیدگا:**

لە پێناو هاندان و بەرزكردنەوەی ئاستی فێركاری و پیشەیی و زانستی لە هەرێمی كوردستان.

**ماددەی (٣):ئامانج** :

بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی خوێندن و فێركردنی پیشە و ژێرخانی ئابووری بەشداری كردنی كەرتی تایبەت لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردن، شیاندنی فێرخواز بە شێوەیەكی زانستی بۆ بازاڕی كار.

**ماددەی (٤): بەشداربوان :-**

پێویستە بەشدار بوانی خولەكانی فێركاری تەمەنیان لە (٦) ساڵ كەمتر نەبێت، بۆ خولەكانی پیشەیی تەمەنیان لە (١٥) ساڵ كەمتر نەبێت. ماوەی خولەكان لەیەک ساڵ تێپەر نەكات.

**ماددەی (٥): ئەو بەشانەی مۆڵەتەیان پێ دەدرێت:**

**١- بەشی فێركاری :-**

- زمانەوانی
- خولی بەهێزكردنی بابەتەكانی خوێندن.
- فێركردنی زانستی (بەڕێوەبردن و ئابووری – ژمێریاری – راوێژكاری – گەشەپێدانی مرۆیی – پەرەپێدانی توانای ئەندازیاری ............. هەر خولێكی تری فێركاری)

- فێرکردنی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.
- هەر بەشێکی تری زانستی بەپێی پێویست.

٢- **بەشی پیشەیی** : ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:-

- چاککردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان.
- چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان.
- جوانکاری ژنان و پیاوان و قژبرین (سەرتاشین).
- دیزاین و دوورمان.
- خولی (وەرزشی – سینەمایی – چاککردنەوی ئۆتۆمبێل) هەموو ئەو پیشانەی کە ئاماژیان پێ کراوە پێویستیان بەشوێنی پراکتیکی هەبێت پێویستە کەل و پەلی راهێنانیان هەبێت یان گرێبەستی لەگەڵ شوێنیک هەبێت کە گونجاو بێت لەگەڵ پسپۆریەکەی لە دەرەوەی پەیمانگا.
- هەر پیشەیەکی تر گونجاو بێت لەگەڵ خواستی بازاڕ.

**ماددەی (٦): خاوەن پەیمانگە:-**

١- هەر هاوولاتیەکی عێراقی یان بیانی مافی کردنەوەی پەیمانگەی هەیە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:-

- ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت.
- سزا نەدرابێت بە تۆمەتی بەد ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تیرۆر.
- فەرمانبەری میری نەبێت.

٢- هەرخاوەن کۆمپانیایەکی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان بۆی هەیە داوای کردنەوەی پەیمانگە بکات کە مۆڵەتی کۆمپانیاکەی نوێ کرابێتەوە.

٣- خاوەن قوتابخانە ناحکومیەکان بۆیان هەیە داوای کردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگەی فێرکاری پیشەیی ئەهلی بکەن.

**ماددەی (٧): بەشی کارگێری پێک دێت لە :-**

**یەکەم:- بەڕێوبەر :**

- بەشی فێرکاری پێویستە دەرچوی زانکۆ بێت و فەرمانبەری میری نەبێت.
- بەشی پیشەیی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی کەمتر نەبێت بەپێی بڕوانامەی بەژداربوونی لە پسپۆریەکەی، فەرمانبەری میری نەبێت .

**دووەم:- مامۆستا :**

- بەشی فێرکاری پێویستە دەرچوی زانکۆ بێت، لە (٥٠٪)ی مامۆستایان فەرمانبەری میری نەبێت.
- بەشی پیشەیی لە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی یاخود ئامادەیی پیشەیی کەمتر نەبێت یاخود بڕوانامەی بەژداربووی لە پسپۆریەکەی هەبێت. لە (٥٠٪)ی مامۆستایان فەرمانبەری میری نەبێت.

**سێیەم:- فەرمانبەران :**

- دامەزراندنی دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی پێویستە گرێبەستی دامەزراندنی بۆ کرابێت لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە یان لە لای داد نووس.
- خزمەت گوزار.
- هەر فەرمانبەرێکی تر کە پێویستە.

**ماددەی (٨): تۆمارەکان:** ئەو تۆمارانەی پێویستە لە پەیمانگە هەبێت لە کاتی پشکنیندا:-

- تۆماری میلاک.
- تۆماری داهات.
- تۆماری بەشدار بووانی خول.
- تۆماری وانەکان.
- تۆماری سەردانی لیژنەکانی سەرپەرشتی کردن.
- زانیاری کەسی ( cv– میلاکی پەیمانگا).

**ماددەی (٩): رسوماتی پێدانی مۆڵەت:-**

- رەسمی مۆڵەت پێدانی هەربەشێک بۆ هاووڵاتیانی عێراقی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینارە و نوێکردنەوەی ساڵانە بۆ هەر بەشێک (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.
- رەسمی مۆڵەت پێدانی هەربەشێک بۆ هاووڵاتیانی بیانی (٧٠٠,٠٠٠) حەفت سەد هەزار دینارە و نوێکردنەوەی ساڵانە بۆ هەر بەشێک (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەدوو پەنجا هەزار دینار.
- ئەو برە پارانەی وەردە گیرێت گەڕانەوەی نیە.

**ماددەی (١٠): سەرپێچی و سزا:-**

- کردنەوەی پەیمانگە و ڕیکلام کردنی بەبێ پێدانی مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی پارێزگا لایەنی بەر پرسی لێ ئاگادار بکرێتەوە بەمەبەستی داخستنی و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی.
- ئەو پەیمانگەیانەی مۆڵەتی کردنەوەیان پێدراوە زیادە رۆی لە ڕیکلام کردنی بەشەکانی مۆڵەت پێدراو دەکەن بە بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار سزا دەدرێت لەکاتی دووبارە کردنەوەی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠)دوو ملیۆن دینار سزا دەدرێت کاتی دوو.
- لەکاتی دواکەوتنی لە نوێ کردنەوەی مۆڵەت بۆ هەر ڕۆژێک دوواکەوتن بڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دیناری لێ وەر دەگیرێت.
- لە کاتی دواکەوتنی زیاتر لە (٩٠) ڕۆژ لە دەست پێ کردنی داواکارییەکەیی بۆ هەرۆژێک دواکەوتن بڕی سزای دیاری کراو دەیگرێتەوە.

- لە دوای تەواو کردنی پێداویستیەکان و ئاراستە کردنی نوسراو لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە بۆ وەزارەت سەردانی نەکردنی بۆ لایەنی پەیوەندی دار ماوەی زیاتر لە (٣٠) ڕۆژ بۆ هەرۆژێک دواکەوتن بڕی سزای دیاریکراو دەیگرێتەوە.
- ئەگەر (٣٦٦) ڕۆژ زیاتر دواکەوت لە نوێ کردنەوەی مۆڵەت. بەبێ ئاگادارکردنەوە پەیمانگە کە دابخرێت.
- کردنەوەی لقی پەیمانگە بەبێ مۆڵەت بۆ هەر لقێک سزای (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنچ ملیۆن دینار وەربگیرێت دابخرێت.
- گواستنەوەی شوێنی پەیمانگە بەبێ ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە/ب.ف.پیشەیی سزای (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری لێ وەربگیرێت. لە دوایدا ڕێککارە یاساییە پێویستیەکان تەواو بکات.
- لە کاتی وەرگرتنی پارە لە بەشداربوانی و داخستنی پەیمانگە کە بە هەر هۆیەک بێت سزای (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری لێ وەربگرێت لە گەڵ گەڕاندنەوەی پارەی وەرگیراو لە بەشدار بوان.

**ماددەی (١١): بینا:-**

- پێویستە لەسەنتەری پارێزگا ڕووبەری بینا لە (٢٥٠) مەتر کەمتر نەبێت.
- لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکان لە (٢٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.
- شوێنی گونجاو بێت ڕەزامەندی بیناسازی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە وەربگیرێت.

**ماددەی (١٢):**

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی:- بەپێی فۆرمی ژمارە (١)**

١- داواکاری لە لایەن کەسی یەکەم پێشکەش بکرێت بە بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

٢- ناسنامەی ژووری بازرگانی داواکار ماوەی بەسەر نەچووبێت.

٣- ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی(کارتی نیشتمانی) و کارتی زانیاری/ ئەگەر بیانی بوو پاسەپۆرت و پشتگیری جێنشین (أقامة ) لە لایەنی پەیوەندیدار لەگەڵ (٢) وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ.

٤- ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی (ئاسایش – تەندروستی – باج و دەرامەت – شارەوانی – نەهێشتنی تاوان (پەنجە مۆر) – دەستەبەری کۆمەڵایەتی – بیناسازی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا – بەرگری شارستانی).

٥- گرێبەست یان تاپۆی مولکداری بینای پەیمانگا.

٦- خاوەن قوتابخانە ناحکومیەکان لە کاتی کردنەوەی پەیمانگە پێویستە (دەرگای سەرەکی + کارگێری + هۆڵی خوێندن) جیاکراوەی هەبێت لە قوتابخانەکە

٧- بەڵێنامە لە لای (کاتب عدل) یاخود لە بەرێوەبەرایەتی یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بە مەبەستی جێبە جێ کردنی ڕێنمایی.

٨- بەڵێن نامە لە لای (کاتب عدل) یاخود لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا کە فەرمانبەر نەبێت لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی.

٩- (کفالة ضامنة) لە لای (کاتب عدل) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار بۆ عێراقی وە بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دینار بۆ بیانی بۆ هەر پەیمانگایەک.

١٠-بڕوانامەی مامۆستایانی وانەبێژ باوەر پێ کراو بێت بەپێ ی پسپۆری.

١١-بۆ هەر لقێکی پەیمانگە گرێبەستی دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی لە پەیمانگە هەبێت بە مەرجێک دانەمەزرابێت.

١٢- بەلیستێک ناوی پرۆگرام بنووسرێت لە گەڵ نوسینی بەڵێن نامە لە بەشی یاسایی پەروەردەکان بەمەبەستی پابەندبونی ناوەرۆکی پرۆگرام. کە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان و دوور بێت لەتوندوو تیژی ئاینی و فکری و سیاسی.

١٣- ئاماری مامۆستایان و فەرمانبەران (بڕوانامەکانیان + سی ڤی CV ).

١٤- نابێ بە هیچ شێوەیەک مەلزەمە بەکاربێت بۆ خولەکانی بەهێزکردنی بابەتەکانی خوێندن.

١٥- پێویستە پرۆگرام دیاری کراو بێت لەهەر وانەیەک.

١٦- تابلۆی پەیمانگە پێویستە بە پێی فۆرمی ژمارە (٦) بێت

١٧- ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا(سەبارەت بە گونجاوی پەیمانگا بۆ کردنەوە) بەڕێوەبەری فێرکردنی پیشەیی سەرۆکی لیژنەو ئەندامەکانی بە پێی پێویستی لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت.

١٨-نابێ ناوی هیچ وولاتێک یان پەیمانگەیەکی بیانی ئەهلی بەکاربێت ئەگەر ڕەزامەندی لە سەرچاوەی دایک نەبێت.

١٩-نابێت ناوی پەیمانگە دووبارە بکرێتەوە تەنها ئەگەر لقێک نەبێت لە پەیمانگەی دایک.

٢٠-نابێت مەشق لە پیشەیەک دا بکرێت کە جیاوازبێت لەوەی لە ناوەرۆکی مۆڵەتەکەدا هاتووە.

٢١-لەیەک پەیمانگەدا کە مۆلەتی وەرگرتووە هەر بەشێکی تازە کرایەوە دەبێ مامەڵەی بەشی تازەی لەگەڵ بکرێت.

**ماددەی (١٣): نوێکردنەوەی پەیمانگە بەپێی فۆرمی ژمارە (٢):-**

- خاوەنی پەیمانگە پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکەی، بە (٩٠) ڕۆژی تەقویمی، پیویستە داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرورەردەی پارێزگا بکات.مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی (٢) ساڵ نوێ بکاتەوە. ڕەزامەندی ئەم لایەنانەی لە فۆرمی ژمارە (٢) هاتووە بەدەست بێنێ. لە کاتی سەردانی لیژنە بۆ پەیمانگە بەپێی فۆڕمی ژمارە (٥) هەڵسەنگاندن لە ڕێژەی ٦٠% کە متری بەدەست هێنا پێویستە نوێکردنەوە دوا بخرێت، تاوەکو چاکسازی ئەنجام دەدات بەپێی پێوەرەکانی فۆرم.

- ئەگەر هاتوو داواکار لە ماوەی دیاریکراو، کە لە خاڵی سەرەوە ئاماژەی پێی کراوە، پێداویستیەکانی نوێکردنەوەی تەواو نەکرد، دەرکەوت کە خۆی هۆکارە ئەوا بە پێی ماددەی (١٠) سزا دەدرێت.

**ماددەی (١٤): کردنەوەی لقی پەیمانگە:-**

هەر خاوەن پەیمانگەیەکی مۆڵەت پێدراو، مافی هەیە لقی نوێی پەیمانگە بکاتەوە بە هەمان ناوی پەیمانگەی مۆڵەت پێدراو بە مەرجێ سەرجەم ڕێکارو بەڵگەنامەی کردنەوەی پەیمانگە ڕەچاو بکرێت وەک لە پێدانی مۆڵەت هاتووە جگە لە پێداویستیەکانی خاوەنی پەیمانگە.

**ماددەی (١٥): زیادکردنی بەش لەپەیمانگە:-**

هەر پەیمانگەیەکی مۆڵەت پێدرا بۆێ هەیە بەشی نوێ بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بەشەکانی تری مۆڵەت پێدراو بەپێی ڕێنمایی کار پێکراو .

**ماددەی (١٦): هەڵپەساردنی پەیمانگە:-**

١- خاوەنی پەیمانگە بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا بکات بۆ هەڵپەساردنی پەیمانگەکەی تەنها بۆ ماوەی (١) ساڵ بە بێ ئەوەی داواکاری هەڵوەشانەوەی هەڵپەساردنەکەی بکات .

٢- (١) مانگ پێش تەواو بوونی مۆڵەتی هەڵپەساردنەکەی پێویستە داواکاری کردنەوەی پەیمانگە پێش کەش بکات.

٣- گشت ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی لەکاتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی بەسەر جێبەجێ دەکرێت بەپێی فۆرمی ژمارە (٢) .

٤- خاوەنی پەیمانگە بۆی هەیە داوای داخستنی پەیمانگاکەی بکات بەیەکجارەکی بە مەرجێ کۆتایی بەهەموو ئەو خولانە هێنابیت کە کردویتیەوە.

**ماددەی (١٧): گۆرینی خاوەنداریەتی پەیمانگە:-**

دەکرێت خاوەنداریەتی پەیمانگە لە کەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر بەم مەرجەی خوارەوە:-

- ئەو کەسەی خاوەنداریەتیەکەی بۆ دەگوازرێتەوە هەموو مەرج و ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی پەیمانگەی هەبێت بەپێی فۆرمی ژمارە (٣) هاوپێچە.

**ماددەی (١٨): گواستنەوەی شوێنی پەیمانگەی** مۆڵەت پێدراو بۆ بینایەکی نوێ پێویستە گرێ بەست یان تاپۆی بینایی نوێ لەگەڵ ڕەزامەندی ئەم لایەنانەی خوارەوە بەدەست بینیت:-

١- لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا

٢- ئاسایش.

٣- تەندروستی.

٤- بەرگری شارستانی.

٥- شارەوانی.

**ماددەی (١٩): داخستنی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان :-**

١- ئەگەر پابەندی یاساو رێنماییەکانی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی نەبوو بە پێی راپۆرتی لیژنەی پەیمانگە پیشەییەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا، لە وەزارەت فەرمانێکی وەزاری داخستنی بۆ دەر دەکرێت.

٢- پەیمانگە کە دادەخرێت ئەگەر کاری بەد رەوشتی یاخود حزبی و ئاینی یان هەر کارێکی تر کە پێچەوانەی ئەو ئامانجە پەروەردەیانە بێت کە پەیمانگەی لە پێناوو دامەزراوە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

٣- نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی (١) ساڵ زیاتر بەسەردا تێ پەری بێت.

**ماددەی (٢٠): تابلۆی پەیمانگە:-** پێویستە تابلۆی پەیمانگە تەنها بەپێی فۆرمی ژمارە (٦) بێت .

**ماددەی (٢١): سەرپەرشتی کردن:-** بە مەبەستی سەرپەرشتی کردن و بەدوا داچوونی کاری پەیمانگە ئەم لیژنانە پێک دێن:-

**أ- لیژنەی باڵای مۆڵەتی پەیمانگە لە وەزارەت :** ئەرکەکانی:-

١- پێشنیاری هەموارکردنەوەی رێنماییەکان.

٢- ورد بینی مامەڵەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت.

٣- (٦) مانگ جارێک سەردانی پەیمانگەکان بکەن.

٤- بە دواداچوونی راپۆرتی لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا.

٥- هەرکارێکی تر کە پێویستی بە بەدواداچوون هەبێت.

**ب- لیژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان :** ئەرکەکانی:-

١- هەڵسەنگاندنی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی بەپێی فۆرمی ژمارە (٥)ی هەڵسەنگاندن .

٢- سەرپەرشتیکردنی کارگێری پەیمانگەکانی سنووری پەروەردەکەی.

٣- پشکنینی پەیمانگە پیشەییە ناحکومیەکان پێش وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی رێنمایی داواکراو

٤- پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

٥- بەدوا داچوونی پەیمانگەکان و سەردانی کردنیان و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ وەزارەت.

٦- بەرزکردنەوەی راپۆرت (٦) مانگ جارێک بە پێی فۆرمی ژمارە (٧) بۆ لیژنەی باڵا.

**ماددەی(٢٢):** ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت دوای بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ئالان حمه سعید**

**وەزیری پەروەردە**

فۆرمی ژمارە (١)

(پێداویستیەکانی کردنەوەی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

*ناوی پەیمانگە (             ) لقی:- فێرکاری☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە (                              )

* ناوی خاوەن پەیمانگە (                              )

*ناوی بەرێوەبەری پەیمانگە (                              ) .

*بروانامەی بەرێوەبەر(                    ).

١- نوسراوی ب.گ.پ(              ) ژمارە (              ) لە (    /    /    ).

٢- داواکاری پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگە: رێکەوتی (    /    /    ).

٣- پێداویستی خاوەن پەیمانگە(ناسنامەی ژووری بازرگانی / کارتی زانیاری / رەگەز نامە / ناسنامەی باری شارستانی / (کارتی نیشتمانی) / (٢ وێنە) / بۆ بیانی پاسەپۆرت (جواز السفر / ناسنامەی نیشنگە (الاقامة)).

٤- رەزامەندی(ئاسایش/ تەندروستی/ باج و دەرامەت/ شارەوانی / دەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڵگەی نەهێشتنی تاوان (پەنجە مۆر) / بەرگری شارستانی).

٥- (عقد أيجار) یان تاپۆی بینا.

٦- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی رێنمایی لای داد نوس یاخود لە ب.یاسایی لە ب.گ.پ.پارێزگا.

٧- بەلێن نامەی (خاوەن ) و ( بەرێوبەر) کە فەرمانبەری میری نەبێت.

٨- (کفالة) بەبڕی(١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

٩- لیستی ناوی مامۆستایان (بروانامە یان پشگیری + CV) (کە ٥٠% دامەزراندنی حکومی بێت و ٥٠% وانەبێژ بێت) بۆ بیانی (پاسەپۆرت + جواز السفر + ناسنامەی نیشنگە (الاقامة) + (بروانامە گەر بە ئینگلیزی بێت پێویستە وەربگێرێت بۆ زمانی کوردی لای وەرگێری باوەر پێ کراو).

١٠- دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی ( پشگیری ئامادەیی + گرێبەستی دامەزراندن) لە بەشی یاسایی ب.گ.پ.پارێزگا.

١١- بەڵێن نامە لە (ب.گ.پ/ب.یاسایی) پابەند بوونی بە ناوەرۆکی ئەو پسپۆریەی دەیڵێتەوە گونجاو بێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان و دوور بێت لە توند و تیژی و ئاینی و فکری و سیاسی.

١٢- فۆرمی ژمارە (٥).

١٣- راپۆرتی لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

رێکەوت:

فۆرمی ژمارە (٢)

(پێداویستیەکانی نوێکردنەوەی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

*ناوی پەیمانگە (                    ) لقی:- فێرکاری ☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە(                    )

* ناوی خاوەن پەیمانگە(                    ) .

*ناوی بەرێوەبەری پەیمانگە(                    ) .

*بروانامەی بەرێوەبەر(                    ).

١- نوسراوی ب.گ.پ(                    ) ژمارە (                    ) لە (      /      /      ).

٢- داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە: (      /      /      ).

٣- رێکەوتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی پەیمانگە: (      /      /      ).

٤- گشت فەرمانە وەزارییەکانی پەیمانگا لە وەرگرتن و نوێکردنەوە.

٥- بەڵێن نامەی (خاوەن ) و ( بەرپێوبەر) کە فەرمانبەری میری نەبێت.

٦- پاکانەی باج و دەرامەت.

٧- (عقد أیجار) یان تاپۆی بینا.

٨- ڕەزامەندی تەندروستی.

٩- دامەزراندنی دەرچووی پیشەیی ( پشگیری ئامادەیی + گرێبەستی دامەزراندن).

١٠- بەرگری شارستانی.

١١- دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

١٢- فۆرمی زانیاری (٥).

١٣- وکالە جێ بەجێ کردنی مامەڵەی پەیمانگە لە کاتی ئامادەنەبوونی خاوەنی پەیمانگە.

١٤- ڕاپۆرتی لێژنەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

١٥- لیستی ناوی مامۆستایان (بڕوانامە یان پشگیری).

١٦- فۆرمی هەڵسەنگاندن.

١٧- ماوەی دواکەوتنی لە نوێ کردنەوەی(                    ).

واژووی پشکێنەر

ناو:

رێکەوت:

فۆرمی ژمارە (٣)

(پێداویستیەکانی گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی)

*ناوی پەیمانگە( ) لقی:- فێرکاری ☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە( )

* ناوی خاوەن پەیمانگەی ئێستا( ) .

*ناوی بەڕێوەبەری پەیمانگەی نوێ ( ) .

١- نوسراوی ب.گ.پ( ) ژمارە ( ) لە ( / / ).

٢- داواکاری گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگە: ڕێکەوتی ( / / ).

٣- پێداویستی خاوەن پەیمانگە(ناسنامەی ژووری بازرگانی / کارتی زانیاری / ڕەگەز نامە / ناسنامەی باری شارستانی / (کارتی نیشتمانی) / (٢ وێنە) / بۆ بیانی پاسەپۆرت (جواز السفر / ناسنامەی نیشنگە - الاقامة).

٤- ڕەزامەندی ( ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت / بەڵگەی نەهێشتنی تاوان -پەنجە مۆر).

٥- (عقد إيجار) یان تاپۆی بینا.

٦- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی لای داد نوس.

٧- دەست هەڵگرتن لەمافی خاوەندارییەتی لای دادنوس یان بەشی یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا

٨- (كفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

٩- ڕاپۆرتی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

ڕێکەوت:

---

فۆرمی ژمارە (٤)

(پێداویستیەکانی گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگەی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی بۆ کۆمپانیای پەروەردەیی)

*ناوی پەیمانگە( ) لقی:- فێرکاری ☐ پیشەیی ☐

*بەشەکانی پەیمانگە( )

* ناوی خاوەن پەیمانگەی ئێستا( ) .

*ناوی کۆمپانیا ( ) .

١- نوسراوی ب.گ.پ( ) ژمارە ( ) لە ( / / ).

٢- داواکاری گۆڕینی خاوەندارییەتی پەیمانگە: ڕێکەوتی ( / / ).

٣- ژمارەی مۆڵەتی کۆمپانیا.

٤- پشگیری لایەنی پەیوەندی دار بە پێدانی مۆڵەتی پەیمانگە.

٥- ناسنامەی ژووری بازرگانی.

٦- دیاری کردنی بریکاری یاسایی لە لایەن کۆمپانیا بۆ ڕای کردنی کاروباری پەیمانگە.

٧- ڕەزامەندی بەڕێوابەرایەتی (ئاسایش / تەندروستی / باج و دەرامەت).

٨- (عقد إيجار) یان تاپۆی بینا.

٩- دەست هەڵگرتن لە مافی خاوەندارییەتی لای داد نوس یان بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

١٠- بەڵێن نامە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی لای داد نوس.

١١- (كفالة) بەبڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ هاووڵاتی ناوخۆ بۆ بیانی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دنیار.

١٢- ڕاپۆرتی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

واژووی پشکێنەر

ناو:

ڕێکەوت: / /

فۆرمی ژمارە (٥)

( فۆرمی هەڵسەنگاندن ) (١)

-ب.گ.پ: ب.پ: ناوی پەیمانگە : ساڵی دامەزراندن :

ناونیشانی ئەلکترونی:

٢-ناوی خاوەن پەیمانگە: مۆبایلی خاوەن : ژ.ب. مۆلەت :

٣-ناوی بەرێوەبەر: مۆبایل : بروانامە : پسپۆری:

٤- ناوی بەشەکانی مۆڵەت پێدراو :

٥- ناوو نیشانی پەیمانگە

٦- بەرواری سەردانەکانی لێژنەی هەلسەنگاندن : سەردانی یەکەم : سەردانی دووەم :

٧- ژمارەی مامۆستایانی میلاك (حکومی) ٥٠ % + وانە بێژ ٥٠%

| رەگەز | خۆماڵی(کوردستان) | عیراقی جگە لە کوردستان | عەرەبی | بیانی | دامەزراوی حکومی | وانەبێژ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | | | | | | | |
| مێ | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | | | |

٨- بروانامەی مامۆستایان (دامەزراوی حکومی + وانەبێژ ):-

| رەگەز | خۆماڵی(کوردستان) | عیراقی جگە لە کوردستان | عەرەبی | بیانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بروانامەی خول | | | | | |
| ئامادەیی | | | | | |
| دبلۆم | | | | | |
| بکالۆریوس | | | | | |
| ماستەر | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | |

٩- ژمارە ی فەرمانبەران :-

| رەگەز | دەرچووی پیشەیی | فەرمانبەری کارگێری | هی تر |
|---|---|---|---|
| نێر | | | |
| مێ | | | |
| کۆ | | | |

فۆرمی ژمارە (٥)

(فۆرمی هەڵسەنگاندنی پەیمانگەی فێکرکای پیشەیی ناحکومی / بەشی (فێرکاری ☐ پیشەیی ☐) (٢)

| ژ | بابەت | نمرە | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|
| ١ | بینای پەیمانگە/ مولك/ کرێ/ گەر مولك بێت ١٠٠% بۆ دا دەنرێت | ٥ | |
| ٢ | ڕووبەری پەیمانگە / چەند رووبەر گەورە تربێ نمرە زیاتر دەبێت | ٥ | |
| ٣ | بوونی هۆیەکانی بەرگری شارستانی | ٥ | |
| ٤ | رەچاوی جوولەی خاوەن پێداویستی تایبەت | ٥ | |
| ٥ | پاك و خاوێنی و سروشتی پەیمانگە | ٥ | |
| ٦ | هەبوونی کافتریا | ٥ | |
| ٧ | بروانامەی بەرێوەبەر به پێی بروانامە نمرە سەردەکەوێ | ٥ | |
| ٨ | بروانامەی مامۆستایان بەپێی بروانامە نمرە سەردەکەوێ | ٥ | |
| ٩ | بوونی پلانی ساڵانە | ٥ | |
| ١٠ | بوونی تاقیگە یان هۆکارەکانی فێرکردن بۆ بەشی فێرکاری | ٥ | |
| ١١ | بوونی کەل و پەلی راهێنان و هۆیەکانی فێرکردن بۆ بەشەکانی پیشەیی | ٥ | |
| ١٢ | فریاگوزاری تەندروستی | ٥ | |
| ١٣ | بوونی وایت بۆرد داتاشۆ لە هۆڵەکان | ٥ | |
| ١٤ | پابەند بوون بە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی | ٥ | |
| ١٥ | بوونی ژووری کارگێری | ٥ | |
| ١٦ | دانانی کامیرای چاودێری بۆ شوێنە هەستیارەکان | ٥ | |
| ١٧ | بوونی دەرچووی پیشەیی لە ناو پەیمانگا وەك فەرمانبەر | ٥ | |
| ١٨ | هەبوونی تابلۆی پەیمانگە بەپێی رێنماییەکان (لە فۆرمی ژمارە ٦ دیاری کراوە) | ٥ | |
| ١٩ | هۆڵی خوێندن بە پێی رێنمایی بۆ هەر فێر خوازێك ١,٥ م | ٥ | |
| ٢٠ | هەبوونی تۆمارەکان | ٥ | |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ | کۆی گشتی |

ئەندام | ئەندام | سەرۆك لێژنە

فۆرمی ژمارە (٦)

## تابلۆی پەیمانگەیی فێرکاری و پیشەیی ناحکومی

لۆگۆی وەزارەت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پەروەردە

بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ............

پەیمانگای فێرکاری و پیشەیی ناحکومی (            )

ژمارەی مۆڵەت (      ) ساڵی (              ) دامەزراوە

لۆگۆی پەیمانگە

١-بەزمانی کوردی لە سەرەوە بنوسرێت وە لە هەمان کات ئازادن بەهەر زمانێکی تر بینوسن لە ژێرەوە.

٢-پانی تایتل (ا) مەتر و درێژییەکەی لە (٣) مەتر بچوکتر نەبێت.

٣- ڕەنگی تایتل سپی دەبێت وە بەڕەنگی ڕەش لەسەری دەنوسرێت.

---

فۆرمی ژمارە (٧)

بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی .....................................

| ز | ناوی پەیمانگا | ناوی خول | ڕێککەوتی دەست پێکردنی خول | ژمارەی بەشداربوان | نێر | مێ | ڕێککەوتی کۆتایی خول |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | |